# ئـەنـفـال
# بەشێك لە پرۆسەی لەناوبردن

شاهۆ غەفور سەنگاوی

خاكی كوردستان سرنجی زۆرێك لەولاَتانی دنیای بەلای خۆیدا ڕاكێشاوە، هەریەكەشیان بەجۆرێكو هەموشیان پێكەوە لەهەوڵی پارچەپارچەكردنو كەمكردنەوەی ڕوبەرەكەیدان، لەپێناو ئەمەشدا دەیان كۆنگرەو كۆبونەوەی نهێنیو ئاشكرا لە نێوان ولاَتە زلهێزەكان و چەندجارێكیش لەنێوان ولاَتە دراوسێكانیدا گرێدراوەو توانیویشیانە زۆرێك لەو ئامانجانە بەدیبهێنن. هەر بەوەشەوە نەوەستاون خاكەكەی بەشبەش بكەن و هەربەشێكیشی بەولاَتێكی دراوسێیەوە بلكێنن، بەڵكو كەوتنە كوشتنی بەكۆمەڵو قركردن بەگازی ژەهراویو خاپوركردنی لادێكانو كاڵكردنەوەی كلتورو ئەو ڕەوتە كشتوكاڵیەی كە لەبرەودابوو، بەشێكی زۆر لەمانەش لەچوارچێوەی شالاَوێكدابوو ناونرابوو (ئەنفال).

یەكێك لەو ڕێكەوتنە شومانەی كەلە مێژوودا بەهێڵێكی ڕەشی ئەستور نوسراوە، ڕێكەوتننامەی (سایكسبیكۆی ساڵی 1916)یە، كە گەلو خاكی كوردستانی تێدا دابەشكراو داگیركرا، كرا بەچوار نەتەوەی جیاواز لەڕوی جوگرافیاو ئایدیاو سایكۆلۆژی و كۆمەلاَیەتی و هتد.

لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی دروستكراوی دەستی ئینگلیز، لەساڵی (1921)وە بە شێوەیەكی نەخشە بۆ داڕێژراوو پرۆسەیەكی درێژخایەن و ستراتیژی سەرجەم ڕژێمە یەك لەدوایەكەكانی ئەم دەوڵەتە عەجایبە كە بە(عیراق) ناسرا كەوتە وێزەی كوردی ئەم بەشە كە باشوری كوردستانە دابەشكراوەكەیە بۆ جێبەجێكردنی ئەو نەخشەو پلانانەی كەبۆ لەناوبردنو سڕینەوەی داڕێژرابوو. هەریەكەشیان هونەرو لێزانینو ئامرازو شێوازی نوێی بەكاردەهێنا كە لەدڕندایەتیو دور لەهەستی مرۆڤایەتیدا كەم وێنەبون لە دنیادا.

یەکێك لەو پرۆسە مەرگەساتانەی کەبۆ لەناوبردنی کوردو سڕینەوەی ناسنامەو خاکەکەی پیادەکرا بریتیبوو لەشالاَوی بەناو(ئەنفال). ئەم پرۆسەیەش سەرپێیی و ساکارو بیٚ پلان نەبوو، بەڵکو بەرنامەیەکی ستراتیژی و پرۆسەیەکی گشتگیربوو بۆقەلاَچۆکردنی نەتەوەیەك.

ڕەنگیشە ئەم ڕقە ئەستورەی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بەکورد لەدوای ئەو سەرژمێرییەوە بوبێت کە لە(1987)دا کراو ڕێژەی کوردی لە عێراقدا بۆ دەرکەوت و بەمەترسی بۆ سەر خاکی عیراقی لێکدایەوە، بەمەش کەوتە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی نفوزەکەی.

ڕژێمی بەعسی عیراقی دەیویست لەو ڕێگەیەوە نەك هەر ئەنفالی کوردو خاکەکەی بکات، بەڵکو سەرتاپای بوارەکان و لایەنەکانی ژیاری لە کوردستاندا بگرێتەوە، هەر لە مرۆڤ و خاك و ئاوو باخ و دارستان و لەوەڕگاو تەنانەت ئاژەڵەکانی کوردستانیشی گرتبۆوە، هەموو توانا مادی و مەعنەوییەکانیشی بۆ خستبۆ گەڕ بەجۆرێك دەیویست بۆ هەتاهەتایە نەگەلێك بمێنێت بەناوی کوردو نە خاکێکیش بەناوی کوردستانەوە. ئەم سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزییە تەنها کاری ئێستاو ئەم دەمەی ڕژێمی بەعس نەبوو، ئەم پرۆسەیە لە ساڵی(1969)وە دەستی پێکردوە، کاتێك والی بەغداد بۆیەکەمجار کۆمەڵێ عەرەبی هێنایە ناوچەی کەرکوك و حەویجەو نیشتنەجێی کردن و دانیشتوانەکەیان دەرکردو خاکەکەیان داگیر کرد،ئەمەشیان لەدوای سەرژمێرییەکەی ساڵی(1967)ەوە بوو، ئێدی لەو ساتەوە سەرجەم ڕژێمەکان بەکۆن و نوێیانەوە بەردەوامبون لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە، هەریەکەشیان چۆنی بۆ لوا بێت و قۆناغ و سەردەمەکە یارمەتیدابێت بەدڕندەترین شێواز پیادەی کردووە. ئەم پرۆسەیە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی سەدامیدا گەیشتە ترۆپکی و بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو مەترسیدار کەوتە جێبەجێکردنی و توانی لە ماوەی کەمتر لە دوساڵدا و لەنێوان مانگی شوباتی(1987) تا سەرەتای ساڵی(1989) زیاتر لە(182) هەزار پیاوو گەنج و ژن و منداڵ و پیروو پەککەوتە لەچوارچێوەی قۆناغی یەك لەدوای یەکدا سەرنگوم بکات. لەدوای ڕوخانی ئەو ڕژێمەشەوە زۆرێك لەبەڵگەنامەو کەمەیەك لە گۆڕی بەکۆمەڵی ئاسەواری ئەو پرۆسەیە دۆزرانەوە.

ئەم پرۆسەی بەناو ئەنفالەش سەرجەم ناوچەکانی گەرمیان و کەرکوك و قەرەداغ و سلێمانی و بازیان و کۆیەو شارباژێڕو دۆڵی جافایەتی و دەشتی هەولێرو باڵەکایەتی و

بادینانی گرتەوەو بەهەشت قۆناغ جێبەجێکرا، لە ناویشیاندا قۆناغی سێ کە ناوچەکانی (گەرمیان)ی گرتەوەبە گەورەترین قۆناغی ئەو پرۆسەیە دەژمێردرێت، کە تەنها لەماوەی یەك ڕۆژدا (1988/4/14) زیاتر لە (20)هەزار کەسی ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرەملێکان کردو بەکۆمەڵ بۆ بیابانەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراقی گواستنەوەو هەزارانیانی لەناو خاکە لمینەکاندا بێسەروشوێن کرد.

حکومەتی عێراقی ئەوکات پێشبینیدەکرد بەم پرۆسەیە بتوانێت بەتەواوی لەناوچە باکورییەکانی دەسەڵاتیدا کوردقڕان بکات. لێرەدا پێشبینیەکەی بە هەڵەدابردی، بەوەی لەدوای ڕژانی ژەهری کیمیاییو کۆتایهێنانی پرۆسەکە خەڵکی کوردستان ئیرادەو هێزیان زیاتربوو توانیان لە ساڵی (1991)دا بەشێکی زۆری ناوچە داگیرکراوەکەیان ئازاد بکەن. لە دواتریشدا ململانێکان گەشتە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بەعسو دادگاییکردنو سزادانی بەشێك لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو پرۆسەیە.

## هەڵوێستی لاینە ئیسلامییەکان

لەهەر کاتێکدا تاوان دژی ئەم میللەتە موسەڵمانە کرابێت لە وەڵامی ئەوەدا بووە کەداوای خواستی خۆیان کردووە نەك مافی کەسانێکیتر. ئەوەی مەبەستمە لێرەدا باسی لێوەبکەم هەڵوێستی هەندێك لە دەوڵەتە ئیسلامیو حیزبە ئیسلامییە عەرەبیەکانە لە بەرامبەر دۆزی کورد و دەیان و سەدان لەو تاوانانەی دەرهەقیکراوە.

گەورەترین تاوان لە مێژوی کۆنو نوێدا کە وڵاتێکی موسوڵمان بەرامبەر میللەتێکی موسوڵمان کردبێتی شاڵاوی بەناو(ئەنفال)ە، ئەم کردەیە هیچ هەڵایەکی لە سەرتاپای وڵاتە ئیسلامییەکاندا لەسەر نەکرا، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی و هەموو دراوسێکانیش لێی بە ئاگابوون جگە لە بێدەنگیشیان هەندێ وڵات ڕاستەوخۆ دەستیان لە کردەوەکەدابوو ، لەوانە (سعودیە، کوێت، ئیمارات، سودان، یەمەن)و چەندی تریش. ئەمانە بەهەموو توانایان هاوکاری ڕژێمی بەعس بوون لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا. بێدەنگبونی (24) وڵاتی ئەوسای عەرەبی ڕۆشنبیرانو گشت خەڵکی کوردی تاڕادەی بێ ئومێدی سەرسامکردبوو.

ئیخوان موسلمین کە دەکرێت بە دایکی هەموو ڕەوتە ئیسلامیەکان بە توندڕەوو میان ڕەویانەوە ناوبنرێت، لە ساڵانی سەردەمی ئەنفالو کیمیابارانی کوردستاندا (حامید ئەبونەسر) ڕێبەرایەتیدەکرد، لە ڕاگەیاندنێکدا ڕۆژی (1991/4/17) دەربارەی

بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە هەڵەبجە هەموو هەڵوێستی ئەوەبوو دەڵێت: (کورد پیاوی بێگانەو ئەمریکایەو هەوڵی پارچەپارچەکردنی خاکی عیراقیداوە بۆیە سەدام بەگازی ژەهراوی لێیداوە)) لێرەدا ئەو مافە بە سەدام دەدات کە لە چەند چرکەیەکدا زیاتر لە (5) هەزار منداڵو گەنجو پیر لەناوبەرێت. لەهەمان بەیننامەدا کە (حامد ئەبونەسر)ی ڕابەری ئیخوان دەریکرد، سەبارەت بە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دەڵێت: ((هەر بەکاریگەری بالادەستی ئەمریکا لەسەر ناوچەکە، بە هاندانی گەلی باکورو باشوری عێراق هەستاون بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە لاشەی عێراق)). لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوشدا (مستەفا کەمال ئەلتەحان) کە یەکێکە لە نوسەرە دیارەکانی ئیخوان موسلمین لە گۆڤاری (المجتمع)دا دەڵێت ((ئاقڵمەندانی پێشوی کورد هەر ناوی ئیسلامیان لەسەرزار بوو، قەد باسی نەتەوەی کوردو ئەو جۆرە دەمارگیرییەیان نەدەکرد کە ئێستا باوە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا زمانی ڕەگەزپەرستی و دەمارگیری کوردەکان لە سەروی هەموو زمانێکەوەیە)). لە ساڵی (1995)دا سەرنوسەری گۆڤاری (القچایا دولیە) لە سەروتاری ژمارە (296)دا لەژێرناونیشانی (العراق و سیناریو الانظام) دەنوسێت ((مقۆمقۆ لەناودایە دەربارەی پلانێکی ڕۆژئاوا بەڕێبەرایەتی واشنتۆن بۆ دابەشکردنی عێراق بەمەبەستی لاوازکردنیو گەمارۆدانی وەك هێزێکی ئیقلیمی، لە چوارچێوەی پلانێکدا بۆ دوبارە کێشانەوەی نەخشەی ناوچەکە بۆئەوەی لەسەرەنجامدا دەوڵەتێکی کوردی لەسەر حسابی خاکی عیراقو تورکیاو سوریاو ئێران دروستبکات)) .ئەم هەڵوێستانەو دەیان هەڵوێستی تری لەم جۆرە لەلایەن حزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەعەرەبیەکانەوە دەبینرا، سەرەڕای بروسکەی پیرۆزبایی‌و دەستخۆشی لەلایەن چەند دەوڵەتێکیانەوە بۆ دەسەڵاتەکەی (سەدام حسین) لەدوای شاڵەوەکانی ئەنفالەوە، تەنیا لایەنێکیشیان نەیویست کورد بە گەلێکی موسوڵمانی هاودینی خۆی بزانێتو سەرکۆنەی ئەو شاڵاوە نامرۆڤانەیە بکات.

### سەرچاوەکان


- (لەتیف فاتیح فەرەج)، جینۆسایدو کاڵبونەوە، 2004.
- (عەلی ڕەزا) بۆچونێك لەمەڕ بەسیاسیکردنی ئیسلام،
- (نەوزادی موهەندیس)، کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم گۆڕانکاری گەورەدا.
- (شێخ عومەر غەریب) ئیسلامیەکانو کێشەی کورد،2006.
- (شەهید دیدەوان سەید محەمەد)،کورتەباسێك دەربارەی ئیسلامی سیاسی،2004.